# سۆناتای سەر پەنجە هەڵوەریوەکان

عومەر عەبدول



لەنەزەری شۆڕە بیەکی بێ حەیاو
ئەستێرەیەکی مل رووتی بەر باران‌و
چەمێکی قەیرەو تووڕەدا
بەهەزاران
ریشۆڵەی قاپوت سەوزی بەر پەنجەرەو
گوڵی نایلۆنی خەیاڵ‌و
گڵدانی کۆنی چەند ساڵە
فەساد ئەگرێن!!!
لەنەزەری هەنارێکی ترش‌و شیرین‌و شەرمنا
یاخی لەماڵ
پەرژینێکی ماندو شەکەت
جۆگەیەکی ریش درێژو
نەعنایەکی بەبۆن کەوتو
بەهەزاران

باخەوانی غەریبی ناو دارستان‌و
خاکەنازی لێو بریندار

قۆپچەو کۆلارەو خەیاڵو
بوکەڵەی بێ زەوق و چڵکن
فەساد ئەکرێن!!
خاك و ئەنفال و زریکە
هاوارو سەداو سنگ کوتان
بەتەویڵی ئەم گا بەردە زلانەوە
بەپێنوسی لاوازی من
کوا دەبێتە زمانی گۆ
دێتە تەحریر...؟؟؟
دوو گوڵی ناو دەمی باران، لەسەروبەندی گریانا
لەگەواڵە هەوری تورەی
چاوی قەقنەس و رەشی شەو
لەحیکمەتی داڕوخان و
مردن و شین و فەوتانا
مشکی و جامانەو کلاّوزەر
شیعرو هەڵماقۆی خۆلاّوی
بەهەناسەی هیلاکی من
کوا شین ئەبێ
دێتە تەحریر..؟؟؟
دیرۆکی ئەم پەڵە هەوری داڕوخانە
ئەم جاڕی قڕو فەوتانە
گوێتان لێ بوو؟؟
گوێتان لێ بوو، کاتێ کە عەرعەر قیژاندی
باران سەرپەنجەی هەڵوەری
باو کۆلارەو منالێ گریان
کاتێ کە بەهار لەرز دایگرت
گوڵو پەپولەو خاك گریان
دەی رومەتی ئەم کۆلارە دزراوانە
دەی سۆناتای ئەم پەنجە هەڵوەریوانە
کوا لەچاوی دێمی منا
تەڕ ئەبێت و دێتە تەحریر..؟؟؟

لەم سەحرایە
بەناعوری مردنی رەش
سەردەمی رەش
دڵی رەش‌و
غەزەبی رەش
قەتارەیەکی عەودالّو سەر لیّ شیّواو
بۆ فەقیانەی دلّ ناسکی
یەك شەوەی خۆی
دەم‌و چاوی شیعری ئەڕنی
شمشاڵێکی کون گیراوی لامل خۆڵین
دەنگ نوساوو
ناو قەد باریك
پەنجەکانی لیّ بزر بوو
نەیئەزانی چۆن هاوار کا
دەی قەڵەمی بیّ ئاگاو کورتە بالاّی من
بەزرافی ئەم شەختە سوتاوانەدا
چۆن دیّتە گۆ
دیّتە تەحریر...؟؟؟
میّژوو لەئەمیّستاکەدا
لەگیّژاوی خەویّکی قولّ
نە ئەمسەری هەناسەیو
نە دامیّنی کراسەکەی
بەشی قاچ‌و قولی ئەکا
میّژوو لەئەمیّستاکەدا
لەئیقاعیّکی نەشازو
دەڵێکی قژ بژو کەڵبە دریّژ
لمۆز سورو
لەواشەیەکی شەلاتی‌و
دەنوك قەوچ‌و
گەڕو کویّرو ئیفلیج ئەچیّ
گلۆپی ناو دیوەخانی

دڵی ئەم پەڵە هەورانە
کەزیەی قەترانیی و تۆراوی
ئەم پەپولە بێ نازانە
سەری سپی نیشتیمان و
ڕیشی زیوینی گەنم و
دانەوێڵەی سەدان ساڵەی کۆترە دەنوک سورەکان
وا ئەسوتێ
کچی ناو شۆڕەبیی و کانی
کوڕی چاوبزی سەربانان
جەحێلانی ناو گەڕەك و
کەروێشکە دڵی عاشقانەو
گەمەی هەسارانی سەوزو
فیکەی بەر پەنجەرەو کانی
دەم سەعبەتی جۆگەیەکی هەرزەکارو جۆماڵ کراو
کوا لەڕیشی سپی منا
قەت سەوز ئەبێ
لەزمانما دێتە تەحریر..؟؟؟
لەنەزەری باوە نورا
حەپەساوی ناو نوری خۆی
دڵی خۆیی و عیشقی خۆیی و هیچی خۆیدا
لەنەزەری قادر کەرەمی
کوڕی ناو خۆرەتاوی گەرم و
تەوێڵ سوتاوی بەر سێبەر
راکشاوی ناو ئەم تەپ و تۆزو خۆڵا
بەهەزاران
کونی شمشاڵی گەنجێتیی و
نامەی کچانی ڕێی کانیی و
پوزەوانەی جەرگ کون کون
قازو مراوی کۆس کەوتەو
گوێسەبانەی هەرزەکاری
دەم و چاو هەڵنەگیراوو

جاڕە شەتڵی دەموڵێو وشك
تەنوری تەوێڵ قۆقزو
برسیو ساردو سڕو مەلول
فەساد ئەكرێن..!!
لەنەزەری منو ئاوا
هەزاران جۆگەی قاچ بڕاو
هەزاران داسی زمان كول
گوڵە گەنمی دڵدارو
خەرتەلەی قۆڵ پڕ لەبازنو
گوڵە فەقێی دەم بەزیكرو
هێرۆی تەنیاو دورەدەستو
بەهەزاران
رەزو ترێی وشكەوەبوو
بەئیقاعی زرمەی پۆستاڵ
نەڕەی كەمتیارو دێڵە سەگ
قامچیو شریخەو هەڵقرچان
لەم زەمینە فەساد ئەكرێن..!!
بەهاری زەردو خنكاوی
ئەم دڵەی من
چۆن دێتە گۆ، دێتە تەحریر..؟؟؟
لەنەزەری ئەڵوەنی كچی قەتارەو
ئەڵڵاوەیسی برازای ناو تەپو تۆزو
پیرە هۆرەی دڵی دەریا
دەفی دێوانەی گەرمێنو
تەریقەتی عاشقانا
لەنەزەری خودا خۆییو
هەزاران ئەستێرەی داوێن پاك
پەیامبەری چاو رۆشنا
هەزاران شەوی بەشكۆو
شەونمی یەك ساڵەی تەڕو
گزنگی دەموچاو شەرمنا

هەزاران
تاڵە قژی دەم بەزیکرو
دەستو پەنجەی داوێن پاكو
بەردو داری
گەرمێنی زمان بەڕۆژو
ماسی عەودالو نورانی
سەدەفی سەرتاپا سپی
گیای هەرزەکاری خوێن گەرم
لەم زەمینە فەساد ئەکرێن
ئیتر زیکری شێتانەی من
بەکام تەریقەتی ئیمان
ببێتە زمانی گۆو بێتە تەحریر..؟؟
نوزەی شیعرێکی ئەسمەری کاکۆڵ چەرمو
چەناگەو گۆنا پڕ لەخاڵ
راژەنینی سێپایەکی وەلەك بەدەست
حیلەی ئەسپێکی یاڵ سوری
یاشماخ لەمل
عەودالی دوای لەتیَ
لەڕومەتی نیشتیمانو
قەرەخەرمانێکی مزرو
لەتیَ لەدلی شۆڕش
تەنها چۆڕیَ، قومیَ،
وەلاَ زەڕەیە ئازادی
بەهەزاران بڕنەوی دەم راستو ئازا
بەهەزاران فیشەکی داوێن پاكو
پشتێنی تەڕو چڵکن
پوزەوانەی بەدەماغو
پاتەی لاستیکی بیَ فیزو
کۆڵە بالی دڵ پڕ لەداهاتووی گەشو
یاشماخو جامانەو هەوری
کۆڵە پشتو قۆری رەشو رومەت قوپاو

بەهەزاران تەیری مەستو
چەمی سەرخۆشو بەخومار
بەردە نوێژی دەست بەدوعا
پونگەی بەحەیا و بەشەرم
لەم زەمینە فەساد ئەكرێن..
دڵی شۆڕش ئەمێستاكە
لەكوێی شیعرو گۆرانیما
سەوز ئەبێتو دێتە تەحریر..؟؟؟
تۆ ئەو كاتە
ئەی خانمی گڤەی سەوزی
دەنگ ناسكی
ناو زریانو
سەر هەرزاڵەی دەرون فێنك
كام رەشە با ئەیفڕاندی
ئەو كاتە خۆتو بارانو
پڕی مشتێ نانی رەقی نەبێژراوو
سوڵتانی عەرشی شۆڕشو
نەعرەتەی بای نزاران بوی
ئەمێستاكە شۆرەتی تۆ
لەكام زیخی جەهلو رەشا
لەكام لمی بێ ویژدانو
لەژێر سێبەری كام دڕكی بیابانا
ئەناسرێیتو ناناسرێیتو
ئەبینرێیتو نابینرێیتو
لەڕو لاواز
هەروەكو خۆت گیانت ئەڕوا
تۆ ئێستاكە
بەهاواری پیرە ژنێكی رەش پۆشی
ژێر دەوارو
ژێر خۆرەتاوێكی بێ ئاگاو
بایەكی زۆر بێ خەبەرو

گڤەیەکی مڕو مۆچا
بەهەناسەی کەروێشکێی چاوەڕوان‌و
کار مامزێکی تۆراوو
مەشکەیە دۆی کەڕو لاڵ‌و
بێ زمانا
بەم شیعرە ساردو سڕەی من
چۆن دەناسرێی
لەزمانی چی نەورەسێکی غەریبا
پاساری ماڵەکەم ئەبڕی‌و
دێیتە تەحریر..؟؟؟
ئەی خودای من
من لەگەڵ ئەم (کیلۆکە) بریندارو
داهۆڵە بێ گیانانەدا
هەر چاوەڕێم
لێرەو لەوێ
لەمێژوودا، لەڕابردوو داهاتودا، لەئێستاکەو
هەموو ساتێکی دیکەدا
ئەم چاوە سیحراویەی من
پەی بباتەوە بەبینین
ئەم دڵە هەڵقرچاوەی من
پەی بباتەوە بەناسین
چاوەڕوانم
ئەستێرەیەك لای سەرمەوە
لەهەر وەخت‌و ناوەختێکا
بەهەر دەنگێ خۆی پێی خۆشە
بقیژێنێ‌و هاوار بکا
(ئاسمان پڕیەتی لەگوڵدان، ئێرە سەرچاوەی باران بێ، هەر دێینەوە...)
چاوەڕوانم ئەی خودای من
پەڕۆیەکی ونجڕ ونجڕ
بالیفێکی بێ پەڕو باڵ
دەستەسڕێکی بۆن دارو

یادگاریەکی خنکاوی
دەم بەگڕو گاڵو گریان
باوەشێ گۆرانی بێ ناز
هەناسەیە بدەنەوە بەگەرمیان و
هەزاران قەتارەی سەوزو
بەستەی هەتیوو شەرمن و
بێ دەرەتان
بەهەزاران ئەستێرەی سور
گوڵە گەنمی سك خاڵی
حیکایەتی زمان شکاو
بگەڕێنەوە ناو شیعرم
ببنەوە بەزمانی خۆم و
لەنێوانی لێوەکانما
یەك جاریش بێ
بێنەوە گۆو بێنە تەحریر....!!!!

*__کێڵۆکە__: ئەو گوڵە گەنمانەیە کە لەداس بەجێ دەمێنن.